# خواردنی حەبی یۆدید

## (حەبەکانی یۆدیدی پۆتاسیۆمی جی،ئێل.فارما 65 میلی گرام)

لە ئەگەری توشبوون بە ڕووداوی تیشکدانەوە، حەبی یۆدید بۆ ڕێگریکردن لە کۆبوونەوەی یۆدیدی تیشکدەر (ئیزۆتۆپە تیشکدەرەکانی یۆدید)ی ناو لیکەرژێنی دەرەقی، بەکاردەهێنرێت کە پاش بڵاوبوونەوە لە هەوادا یان هەڵمژینی تووش دەبێت. بەکارهێنانی حەبی یۆدید لە ئەگەری مەترسی تیشکدانەوە، مەترسی تووشبوون بە شێرپەنجەی لیکەرژێنی دەرەقی(thyroid) کەمدەکاتەوە.

تەنیا کاتێک حەبی یۆدید بەکاربێنە کە دەسەڵات(کاربەدستان) ئاگاداریيەک سەبارەت بە خواردنی دەرمانەکە دەربکات. مۆڵەتی خواردنی دەرمانەکە لەڕێگەی ڕادیۆ یان تەلەفزیۆن یان لە ڕێگەی پەیوەندییە فەرمییەکانی دیکەوە ڕادەگەیەنرێت.

### نابێت دەرمان وەک ئامادەکاری بۆ خۆپارێزی(بۆ قایمکاری) بخورێت

بەستەکە 10حەبی تێدایە. ژەمە دەرمانەکە زیاتر تێمەپەڕە. تەنها یەک ژەمی بخۆ.. لەوانەیە دەسەڵاتداران ئامۆژگاریت بکەن کە دواتر ژەمی دووەمیش بخۆیت. بەڵام خواردنی ژەمی دووەم بۆ منداڵی ساوا، ئافرەتی دووگیان یان دایکێک کە شیر دەدات پێشنیار ناکرێت.

### ڕێژەی ژەمە دەرمانی حەبی یۆدید بۆ گروپە تەمەنییە جیاوازەکان و ئافرەتانی دووگیان

(تەنها بۆ حەبی 65 میلی گرام کارپێکراوە)

| تەمەن | ژەمەدەرمان(دۆز) | ژمارەی حەبەکانی 65 میلی گرامی | وێنە |
|---|---|---|---|
| منداڵی ساوای ژێر تەمەنی 1 مانگە | 16.25 میلی گرام | ¼ حەب |  |
| 1 مانگ بۆ 2 ساڵ | 32.5 میلی گرام | ½ حەب |  |
| منداڵانی 3 بۆ 11 ساڵ | 65 میلی گرام | 1 حەب |  |
| کەسانێک کە تەمەنیان 12 بۆ 40 ساڵە و ژنانی دووگیان | 130 میلی گرام | 2 حەب |  |

ئەو کەسانەی تەمەنیان سەرووی 40 ساڵە (جگە لە ئافرەتانی دووگیان)، سوود لە یۆدید نابینن.

دەتوانی حەبی یۆدید ورد بکەیت یان بیجوویت. بۆ ئەوەی خواردنی دەرمانەکە بۆت ئاسانتر بێت، دەتوانی بۆ نموونە بە کەوچکێک حەبی یۆدیدەکە ورد بکەیت، و لەناو بڕێکی کەم ئاو، یان شیر یان شەربەتدا بیتوێنەوە و بیخۆیەوە. لەوانەیە چەند خولەکێک بخایەنێت تا دەرمانەکە بتوێتەوە.

### حەبی یۆدید بەکار مەهێنە ئەگەر:

- لیکەرژێنی دەرەقی(thyroid)ت دەرهێنراوە یان ئیش ناکات (لەم حاڵەتەدا خواردنی حەبی یۆدید هیچ سوودێکی نییە)
- پێشووتر بەرامبەر بە یۆدید کاردانەوەی حەساسیەتێکی جددیت هەبووە

- تۆ تووشی زۆر چالاکی ڕژێنی دەرەقی((hyperthyroidism، هەڵئاوسانی پێستی هەرپتی فۆرمیس((dermatitis herpetiformis، یان هەوکردنی بۆرییەکانی خوێن(vasculitis) لەگەڵ کەمبوونەوەی ئاستی کۆمپلەمەنت (hypocomplementemic vasculitis) بوویت.

حەبەکان دوور لە دەستی منداڵان بپارێزن. ئەگەر منداڵەکەت لە دووماڵدا دەژی، با لە هەردوو ماڵەکەدا حەبی لێبێت.